بەڕێز/ کاك انور دۆسیەی بڕیارەکان

**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**
**کارگێڕی**

**مجلس محافظة السليمانية**
**الأدارة**

**Slemani Provincial Council**

ژمـارە: ١٠
No:

ڕۆژ: ١٨ / ٥ /٢٠١٧
Date:

## بڕیاری ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٧)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبونەوەی سی و پێنجەمی خۆیدا (کۆبونەوەی نائاسایی) لە هۆڵی کۆبونەوەی ئەنجومەن، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و (٢٤) ئەندام پاڵپشت بە ماددەی (٥) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و (بڕگەی هەشت لە ماددەی (١٠) ی پەرلەمانی ناوخۆی ئەنجومەنمان لەسەر دۆخی ئەمنی قەزای چەمچەماڵ بڕیاریدا بە.

١.ناردنی هێزێکی تایبەت لە هێزەکانی ناوخۆ کە ژمارەیان لە (١٠٠) سەد کارمەند کەمتر نەبێت بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایشی زیاتر بۆ ناوچەکە.

٢.دابینکردنی پێداویستیەکانی کەل و پەل و سەیارە بۆ هێزەکانی ناوخۆ و ئیدارەی ناوچەکە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ڕێگەگرتن لە دیاردەی تاوان و بەرجەستەکردنی دادپەروەری.

٣.وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگاری سلێمانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێکاری ئیداری دەگرنە بەر بۆ پڕکردنەوەی میلاکاتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچەکە بە گواستنەوە و تەنسیب کردن پیاداچوونەوە بە هەیکەلی ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هێزەکانی ناوخۆ بەپێی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکان.

٤.کردنەوەی بنکەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە قەزای چەمچەماڵ.

د. ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Taban
www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان